# لینۆڤۆ و لاپتۆپێکی کەم کێش و تایبەتمەند

تایبەتمەندییەکی گرنگی لاپتۆپ ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی کارایی لەسەرێ بێت و کەم کێشــیش بێت، چونکە لاپتۆپ هەڵدەگیرێت و هەتا ســووکتر بێت بۆ خاوەنەکەی باشترە. نوێتریــن لاپتۆپی ســووك و بەتوانای کۆمپانیای لینۆڤــۆ لاپتۆپی جۆری ThinkPad twist S230u-Aیە. پرۆسیسەرێکی زۆر بەهێزی هەیە، جگەلەوەی ستایلەکەی لەگەڵ لاپتۆپی دیکە جیاوازی هەیە، چونکە بەشــی شاشــەکەی 180 پلــە بە دەوری خۆیدا دەسوورێت. رامەکەی چوار گیگابایتە، هارددیسکەکەی 500 گیگابایە. کارتی گرافیکی لە جۆری Intel HD یە. شاشەکەی 12،5 ئینجە. بەڵام هیچ مۆدێم یان شوێنی دانانی DVD نییە، ئەنتەرنێت لە رێگای وایەر و بێ وایەر وەردەگرێت، کێشــی لاپتۆپەکە تەنیا کیلۆیەك و نیوە.

# مۆبایلێک بە دیتنی وێنە پەیوەندی دەگرێت

مۆبایل نزیکترین ئامــرازی دیجیتالییە کە ئەرکی رۆژانەی تاکــەکان وەك پەیوەندی و کورتەپەیــام و تەنانەت ئینتەرنێت و وێنەگریش ئەنجام دەدات، رۆژ لەگەڵ رۆژ ســتایل و مۆدێلی جۆراوجــۆر بەرهەم دێن کە توانایــی و کارایی تایبەتیان هەیە، لەم ماوەیەدا پســپۆرانی بواری تەکنەلۆژیــای نوێ لە چین، مۆبایلێکیان بەرهەم هێناوە کە بەبــێ گرتنی ژمارە پەیوەندی دەگرێت، ئەم مۆبایلە تایبەتە بە پەککەو و بە ساڵاچووان.

مۆبایلــی جــۆری Elderly e phone بــۆ پەککەوتــە و بە ســاڵاچووان دیزاین کراوە و بە دیتنی وێنەی کەسی پەیوەندیدار پەیوەندییەکە دادەمەزرێنێــت، بۆ نموونە گەر بتەوێت بۆ یەکێك تەلەفۆن بکەیت، وێنەکەی کەســەکە نیشانی مۆبایلەکە بدە و ئەویش بەبــێ گرتنی ژمارە پەیوەندیــی دادەمەزرێنێت، بەڵام دەبێت لەســەرەتادا وێنە و ژمارەی پەیوەندیدارەکە بۆ یەکجار لە مۆبایلەکەدا خەزن کرابێت.





# کامێرایەک وەک تۆپە و لە بەرزایی را وێنە دەگرێ

هەر لەم لاپەڕەیەدا رەنگە ســاڵێك لەمەوبەر باســمان لە بەرهەمهێنانی کامێرایەك کردبوو کە شێوەکەی لە تۆپ دەچوو کاتێك بەرز دەبۆوە وێنەی پانۆرامایی 360 پلەیی سەرنج راکێشی دەگرت.

لــەم ماوەیەدا هەر کامێرا تۆپییەکە پەرەی پێدراوە و مۆدێلە نوێیەکەی چەندین ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدات، کامێرای جــۆری squito دەتوانێــت جگە لەوەی وێنەی پانۆرامایی بگرێت، لەکاتی فیلم هەڵگرتندا ســەرنجی ورد بداتە ئەو وێنەیەی کە مەبەستە فیلمی لێهەڵبگرێتەوە و هەرلەکاتی وێنەگرتنیشدا وێنەکان بەشێوەی وایەرلەیس بۆ مۆبایل یان کۆمپیوتەر بەڕێ بکات و تەنانەت نەخشەی سێ ڕەهەندیش بگرێت و وێنەکانی هەستیار بە گەرمیش تۆمار بکات. بۆ شــوێنە تاریکەکانیش لە گڵۆپی LED ســوود وەربگرێ و هەربۆیە لەکاتی ڕوودانی کارەســاتی سروشــتی دەتوانێت ببێتەهۆی رزگارکردنی گیانی کەســەکان چونکە لەکاتێکی وادا ئۆتۆماتیکی وێنەدەگرێ و وێنەکان بۆ شــوێنی مەبەست بەڕێ دەکات.

# گواستنەوەی ڤیدیۆ لە مۆبایل و تەبلێت و لاپتۆپەوە بۆ تەلەڤزیۆن

گوگڵ لە کۆنفرانسی ناساندنی مۆبایلی نکسۆس 7 و ئەندرۆید 4.3دا ئامرازێکی نوێی دیجیتالی خستەڕوو بەنــاوی Chermecast، ئامرازێك کە توانای گــوگڵ دەردەخات، ئەم ئامێرە دیجیتالیە واتە کرۆم کێســت لە راســتیدا دێنگڵێکە یان باشــتر بڵێیــن لە فلاش میمۆرییەك دەچێت کاراییەکەی کە فایلی ڤیدیۆیی لە مۆبایــل یان تەبلێت بــۆ تەلەڤزیۆن بگوازێتەوە.



دێنگڵی کرۆم کێســت لەسەر پرۆگرامــی گوگڵ کرۆم کار دەکات، کەوایە گرنگ نییــە تــۆ چ ئامرازێــك بــەکار دێنیت، تەنیا ئەوەندە بەســە کــە پرۆگرامــی گوگڵ کرۆمــت هەبێت، دێنگڵەکە لە راســتیدا تەلەڤزیۆنێکی ئاسایی دەکاتــە تەلەڤزیۆنێکی هۆشــمەند. کرۆم کێست مۆبایل یان تەبلێتەکەی ئێوە دەکاتە ریمۆت کۆنترۆڵێك و لە رێگەیەوە فایلی ڤیدیۆیی لەســەر تەلەڤزیــۆن بڵاودەکەیەوە. نەك تەنیا ئەوە بەڵکــو دەتوانیت تەلەڤزیۆنەکە بکوژێنیەوەو هەڵیشی بکەیەوە.




# Z ئولترا هەنگاوێک بەرەو پێشتر مۆبایلی ئیکسپێریا

کۆمپانیای ســۆنی بە داهێنانی زنجیرە مۆبایلی هۆشــمەندی ئیســکپریا کە بە پیتەکانی لاتینی دەســتی پێکرد وەك ئیســکپریا A,P.S.J تاد، لەم دواییەدا مۆبایلی هۆشمەندی ئیسکپریا Zی بەرهەم هێنا کە رەنگە ریکلامەکەی لە زۆربەی تەلەڤزیۆن و تەنانەت گۆڤار و رۆژنامەکانیش بەرچاوتان کەوتبێت، بەڵام سۆنی هەر بەوە نەوەستاوەو ئەو مۆبایلەی پێشــکەوتووتر کردووەو مۆدێلی ئیسکپریا Z ئولترای خستە بازاڕەوە کە ئەم مۆبایلەش تا رادەیەك شاشــەیەکی گەورەی هەیە گەورەیی شاشــەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە باشــەکانی. هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ئیسپکریا Z ئولترا ئەمانەن: لەگەڵ خێراترین سیستەمی ئەنتەرنێت واتە LTE دەگونجێت، کێشەکەی 212 گرامە و دەکرێت هەتا نیو کاتژمێر لە ژێر دەریادابێت و هیچی لێ نەیەت. قەوارەی شاشەکەی 6.4 ئینجە. هاردی ناوخۆی 16 گیگابایتە، دەکرێت هەتا 64 گیگاش زیاد بکرێت. کامێراکەی 8 میگاپیکســلە، سەرووی فول ئیچ دی وێنە دەگرێت، تواناکانی وەك ناســینی رووخسار، سیستەمی دژە لەرزە، پانۆراما و HDR هەیە، کامێرای پشتەوەشــی 2 میگاپیکســلە، بەئاســانی لەگەڵ تەلەڤزیۆن پەیوەن دەدرێ، تایبەتمەندییەکی گرنگ لەو مۆبایلەدا ئەوەیە کە مۆبایلە هۆشــمەندەکانی دیکە سیستەمی لەمسەکەی تەنیا بەپەنجەی دەســت دەکرێت کاری پێبکرێت، بەڵام مۆبایلی ناوبراو بە هەموو شــتێك دەکرێت کاری پێبکرێت، لە قەڵەم و چیلکەوە بگرە تا دەگاتە کلیل و دراوی ئاسن.



## سایتێکی تایبەت بە فێرگەی ئۆنلاین



لە سەردەمی ئینتەرنێتدا هیچ شتێك بەقەد جیهانی پەروەردە و فێرکردن گۆڕانی بەسەردانەهاتووە، فێرگە و قوتابخانە ئۆنلاینەکان گەلێك زۆر بوونە، ئیدی دەکرێت هەر لەماڵەوە و بەبێ خۆ ماندووکردن بۆ چوون بۆ قوتابخانە و شوێنی فێربوون لە هەر کات و ساتێکدا کە دەتوانیت بخوێنیت لەیەکێك لەو فێرگە ئۆنلاینەدا ناوی خۆت بنووسیت و لە بەرامبەر پارەیەکی کەم یان بەخۆڕایی ئەوەی مەبەستە فێری بیت.

سایتی www. livemocha. com یەکێکە لەم سایتانە. سایتەکە لەگەڵ ئەوەی وەك قوتابخانەیەکی باش و سەرکەوتووە، ئەو مامۆستایانەی کە لەو قوتابخانە ئۆنلاینەدا دەرس دەڵێن زمانی دایکیان ئەو زمانەیە کە دەرسی پێدەڵێنەوە بۆ ئەوەی گرفتێکی ئەوتۆ نەیەتە پێش و لە دەربڕیندا سەرکەوتوو بن. لەم سایتەدا لەسەرەتادا ڕێزمان دەگوترێتەوە وپاشان ئاخاوتنی دوو کەسی و دواتر وشە لە کۆتاییشدا تاقیکردنەوە.

## ئۆتۆمبێلێک بەقەد مجەفیفەیەک وزەی دەوێت



ئۆتۆمبێل هەتا دێت ڕێژەکەی لە جیهاندا زێدە دەبێ، بە جۆرێك کە ڕێژەی ئۆتۆمبێلەکانی جیهان زۆر لە ڕێژەی مرۆڤەکان زیاترە. ئەوانەی دە ساڵ بۆ رابردوو بگەڕێنەوە دەبینن هەر لەو هەرێمەی کوردستاندا ئۆتۆمبێل چەندین قات زیادی کردووە، زۆربوونی ئەو ڕێژە زۆرە لە ئۆتۆمبێل لە هەموو جیهاندا و لە هەرێمەکەی ئێمەشدا گرفتی زۆری هەیە، یەکێك لە گرفتەکان دابینکردنی وزەی پێویستە بۆ ئۆتۆمبێل کە بە زۆری وزەکەی بەنزینە.

لەم دواییەدا گروپێك لە خوێندکارانی زانکۆی کامبریج ئۆتۆمبێلێکیان بەرهەم هێناوە کە دیزاینەکەی وەك دڵۆپە ئاوێك دەچێت و وزەکەی خۆی لە هەتاو وەردەگرێت.

ئۆتۆمبێلە هەتاوییەکە کە بە Resolution ناسراوە درێژییەکەی کەمتر لە پێنج مەترە، پانییەکەشی کەمتر لە مەترەکە. بەرزییەکەشی مەترێك و دە سانتیمە. کێشی ئۆتۆمبێلەکە 120 کیلۆیە.

ئەوپەڕی خێرایی ئۆتۆمبێلەکە 140 کیلۆمەتر لەکاتژمێرێکدایە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە و خاڵی تێڕامانە ئەوەیە کە وزەی پێویست بۆ ئۆتۆمبێلەکە تەنیا بەقەد وزەی مجەفەیەکی سەروشك کردنەوەیە.

پەنێڵەکانی کە وزەی خۆر وەردەگرن بەشێوەیەکی کەوانەیی لە پشت سەری شۆفێرەکە داندران. شۆفێرەکە دەتوانێت بەرەو ئەو شوێنە بیسوڕێنێت کە تیشکی خۆری پێدەکەوێت. ئەوە یەکەمین ئۆتۆمبێلی وزەی خۆرە لە جیهاندا کە وزەیەکی هێندە کەمی دەوێت.

## ئامرازێکی دیجیتاڵی وەک گۆچانی سیحری دەچێت



ماوەیەکی زۆر نییە کە تەکنەلۆژیای جووڵە و کۆنترۆڵ کردن لە ڕێگای دوور و بە جووڵەی دەست و سەر بۆ تەلەڤزیۆن و هەندێك مۆبایلی هۆشمەند دەستەبەر بووە، بەڵام پێدەچێت ئامرازی دیجیتالی لیپ موشن (leap motion) وەك گۆچانێکی سیحری ئەم خزمەتگوزارییە بۆ لاپتۆپ و کۆمپیوتەریش بگوازێتەوە. ئێستاکە بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەکرێت بەیەك یان دوو دەست و تەنانەت بە هەر دە پەنجەکەشت کۆنترۆڵی کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکانی بکەیت.

ئەم ئامێرە بچووکە بە دروستکردنی جەوێکی سێ ڕەهەندی لە کۆمپیوتەردا ئەو ئیزنە بەکارهێنەر دەدات کە بە دەست کۆنترۆڵی کۆمپیوتەری بکات و لەگەڵ گشت سیستەمەکانیش دەگونجێت، وەك ویندۆز7 و 8 و کۆمپیوتەری ماکنتۆش.




# به دەستخەتی خۆت لەگوگڵدا کاری وەرگێڕان بکە

ئەگەرچـــی خزمەتگوزاریـــی وەرگێڕان لــە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ماوەی چەند ساڵێکە وەك یەکێك لە بەرچاوترین خزمەتگوزارییەکانی گوگڵ ســەیر دەکرێت، بەڵام گوگڵ هەر بەوەندە نەوەســتاوە بەڵکو پەرەی زیاتری بــەو خزمەتگوزارییە داوە، ئەویش ئەوەیە دەکرێت بە دەســـتخەتی خۆت بنووســیت و وەربگێڕیت.


بۆ نموونە ئێوە لە وڵاتی ژاپۆنن و ناتوانن ژاپۆنی بخوێننەوە، بەدوای گەڕانی هوتێلێك یان شــوێنێکی خزمەتگوزاری دایت، لــە وڵاتێکدا کە نە زمانەکەی و نە خەتەکەی بزانی گرفتێکی زۆرە، چونکە ناکرێت نەخشە و ناوی شوێنە خزمەگوزارییەکانی ئــەوێ تێبگەیت، گوگڵ هەربۆیــە خزمەتگوزارییەکی نوێی داهێنــاوە، ئەویش ئەوەیە کە ئامرازی دەســـتخەتی بەبەشــی وەرگێڕان واتە Translate زیاد کردووە، ئەویش ئەوەیە کاتێك کە بەکارهێنەر وشەیەك یان پیتێك دەبینێت کە تێیناگات، بە ئاسانی دەتوانێت بە گوگڵ وەریبگێڕێت، ئەویش بەدەســـتخەتی خۆی لەســـەر شاشـــەی مۆبایل یان تەبلێتەکەی بینووسێت، تەنانەت ئەگەر نەشـــیتوانی بە ڕێکی بینووسێت، گوگڵ تێدەگات چت مەبەستە بۆیە وشـــەکە وەردەگێڕێت. وەرگێڕانی بە دەستخەتی گوگڵ هەتاکو ئێســـتا 45 زمانی زینـــدووی جیهانی تێدایە، زمانی عەرەبیش یەکێکە لەو زمانانە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرســیار دەکات کــە سیســـتەمی NFC چییە کە لە هەندێك لە مۆبایلە هۆشـــمەندەکاندا هەیــە؟ خوێنەری بەڕێــز ڕەنگە باش بزانی کە سی ســـتەمی وایەرلەیسی یان سیســـتەمی وەرگرتن و بەڕێکردن بەبێ هیچ پەیوەندییەکی وایەر چەند سیستەمێکی جیای هەیە، لە مۆبایلە سەرەتاییەکاندا سیستەمی IR هەبوو، واتــە بەڕێکردن و وەرگرتن لە ڕێگای تیشکەوە، دواتر سیســـتەمی بلوتوس ئەویش وەرگرتن و بەرێ کردن بەهۆی شەپۆلەوە کە مەوداکەی زۆر زیاتر بوو لە IR و دواتریش سیســـتەمی Wi-Fi کە ئەویش شـــەپۆل و کارکردەکانی لە بلوتوس زیاترە. سیستەمی NFC یش یەکێکە لە سیســـتەمەکان، بەڵام جیـــاوازی هەییـــە لەگەڵ گشـــت سیستەمەکان، چونکە لەو سیستەمەدا هەر ئەوە نییە کە زانیاری بەڕێ بکەی بەڵکو دەتوانی لە بری کارت فرۆشتن و کڕیـــن، کارتـــی بانکی ســـوودی لێوەربگـــری، لە زۆر ســـوپەرمارکێت لە وڵاتانی پێشـــکەوتوو هەروەها زۆر بانکیش دەزگای خوێندنەوەی NFC یان هەیە، تۆ زانیارییەکەت کە لەسەر مۆبایلەکـــەت خەزن کـــردووە، هەرکە مۆبایلەکـــەت بـــە مـــەودای نزیکتر لە 4 ســـم، لە دەزگا کـــردەوە ئیدی کۆد و زانیارییەکانـــی ناو مۆبایلەکە وەردەگرێت و دەتوانـــی بەهۆیەوە پارە وەربگـــری یان شـــتومەك بکڕی. لە هەرێمی ئێمە جـــارێ ماوییەتی ئەم سیستەمە جێبگرێت.

## پرۆگرامێک بۆ هونەری شێوەکاری



جیهانـــی دیجیتالی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەیدا ســـوودێکی زۆری هەیە بەڵام پێدەچێت وردە وردە بەشـــێك لە هونەرەکان لە چنگ مرۆڤ دەربێنێت و بیانمرێنێت، بۆ نموونە چەند ســـاڵێکە هونەری خەتخۆشـــی ئەوەندە گرنگی نەماوە و چونکە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە دەکرێت جوانترین تابلۆ بنووســـیت، هەربۆیە کەمتر تابلۆیەك هەیە کە بە دەســـتخەت بنووسرێت، ئەم زیانە هەر بەر هونەری خەتخۆشی نەکەوتووە، بگرە هونەری موزیك و شێوەکاریشی گرتۆتەوە. پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن بۆ هونەری وێنەکێشان و شێوەکاری، یەکێك لە پرۆگرامە ســـەرکەوتووەکان دەکرێت بڵێین پرۆگرامی Corel painter-ە ، باشترین فڵچەی وێنەکێشانی دیجیتالی، گشت ئامرازەکانی دیکەی تایبەت بە هونەری شێوەکاری تێدایە. ئێفێکتی جۆراوجۆر قەڵەمی جۆراوجۆر، تواناگەلی دیکـــە لەو پرۆگرامەدا هەن. کە پرۆگرامەکەت دابەزانـــدە کۆمپیوتەر ئەوکات دەزانیت چ توانا وتایبەتمەندی گەورەی تێدایە.